گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# شێوازەکانی فێربوون بەگوێرەی مۆدێلی هێرمانی (HBDI) چواری لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی

**محمد أمير أبوزيد**
بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان ، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی ، زانکۆی سەلاحەدین ، پارێزگای هەولێر ، هەرێمی کوردستان – عیراق .
Muhammed.abuzaed@su.edu.krd

**پ.ی.د حميد عبدالله صالح**
بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان ، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی ، زانکۆی سەلاحەدین ، پارێزگای هەولێر ، هەرێمی کوردستان – عیراق .
Hamed.salih@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٨/١٧
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٨/٢٧
بڵاو کردنەوە: بەها ٢٠٢٣

**Keywords:**
Learning Styles, Model, Herman, HBDI, Student, Eighth Grade is Basic.

**Doi**:
10.25212/lfu.qzj.8.2.17

## پوختە

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی شێوازەکانی بەگوێرەی مۆدێلی هێرمانی چواری لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، هەروەها کامە شێوازی فێربوون زیاتر لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بەکاردەهێنرێت لە ، توێژەر لە توێژینەوەکەیدا پشتی بە ڕێبازی وەسفی شیکاری بەست بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی، کۆمەڵگای توێژینەوەکەی بریتیی بوو لە قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، بۆ ساڵی خوێندنی ( 2021 – 2022 )، لە قوتابخانەکانی پەروەردەی ناوەندی هەولێردا، نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە ( 502) قوتابی بە پێ گۆڕاوی ڕەگەزی نێر و مێ، بە ڕێژەی (3،26%) لەکۆی گشتی کۆمەڵگای توێژینەوەکەی، کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردراون، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکەش ، پێویستمان بە فۆرمی ڕاپرسی شێوازەکانی فێربوون بەگوێرەی مۆدێلی هێرمانی چواری کە لە ( 41 ) برگە پێکهاتبوو، بە پێوەری ( لیکارت سکیل )ی پێنجی ڕێکخراوە، دواي هەژمارکردنی ڕاستگۆیی و

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جێگیـــری فـــۆرمی ڕاپرســـیەکە، جێبـــەجێکردنی لەســـەر نموونـــەی ڕاپرســـی(عینـــة الاســـتطلاعیة)، فـــۆرمی ڕاپرســـیەکە ئامـــادەکرا, دوای کۆکردەنـــەوەی داتاکـــان و شـــیکردنەوەیان بـــە هەگبـــەی ئامـــاری (spss) تـــوێژەر گەیشـــتە ئـــەو ئەنجامانـــە: شـــێوازەکانی فێربـــوون لـــە ئاســـتێکی بـــەرز دایـــە، لای قوتابیـــانی پـــۆلی هەشـــتەمی بنـــەڕەتی لـــە قوتابخانـــەکانی پـــەروەردەی ناوەنـــدی هـــەولێردا، هـــیچ جیاوازییـــەکی بـــەهاداری ئامـــاری نیـــە لـــە ئاســـتی (0.05)، لـــە شـــێوازەکانی فێربـــوونی قوتابیـــان بـــەگوێرەی مودێلی هێرمانی چواری بۆ گۆڕاوی ڕەگەزی نێر و مێ.

# 1. ناساندنی توێژینەوە:

## 1-1 پێشەکی و گرنگی توێژینەوە:

بەهۆی پێشـکەوتنی کۆمەڵگاکان و پێشـکەوتنی زانسـت وزانیاری لەسـەرجەم بوارەکاندا، توێژینەوە پـەروەردەییـەکان لە ئێســتـادا جێگای بایـەخ و گرنگیـەکی تـایبـەتـە لـەلایـەن توێژەرانـەوە، ڕێگا کلاسیکیەکان ناگونجێن لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و زانیاری و بەرزبوونەوەی توانا زانستیەکانی قوتابیان، پێوستە توانا زانستیەکانی مامۆستایان گونجاو بن بۆ پەرەپێدانی شـێوازەکانی فێربوونی قوتابیان، شـێوازەکانی فێربوون یەکێکە لە گرنکترین پێکهاتەکانی پرۆسـەی پەروەردە، لەبەر ئەوەی فاکتەری سەرەکی بەرجەستە بوونی ئامانجە مەعریفیەکانە لای قوتابیان.

شێوازەکانی فێربوون یەکێکە لەدیاردکراوەکانی پێکهێنانی دەستکەوتی ئەکادیمی لەنێو فێرخوازاندا و ئەم میتۆدانەش بەشـێکن لەپێکهێنانی فێرخوازێکی تاکەکەســی، وە پێداویســتی و هەســت و بیرکردنەوەو هەڵوێسـتەکانی کورت دەکاتەوە لەسـەر چۆنیەتی ڕوودانی شـێوازی فێربوون. (محمد, 2020, 39).

بۆیە زانایی ئەڵمانی نید هێرمان، تیۆرییەکەی لە ساڵی (1976) دەستی پێکرد کاتێک دەستی کرد بە بیرکردنەوە لەوەی چۆن هەڵســوکەوتی مرۆڤ دەتوانرێ کـاریگەری هەبێـت, بۆ خزمەتکردن بە گەشــەپێدانی مرۆڤ بەکاربێنێت، پەرەی بە تێۆرەکەی دا بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە ئایا کەســەکان جیاوازن لە شێوازی فێربونیان, هێرمان سەرکەوتوو بوو تێورەکەی, لە ساڵی (1987) لە تیۆرییەکەیدا داهێنانی کرد، گەیشــت بە مۆدێلی هێمایی بەناو چوار چەرخی مێشــک و بە هێمای (HBDI) کە

کورتکراوەی( Hermann Brain Dominanace Instrument) بوو ناونرا, لەڕێگەی تێکەڵکردنی بیردۆزی (پاوڵ ماکلین) لەگەڵ تیۆریی (ڕۆجەر سپێری) هێرمان مێشکی دابەش کرد بۆ چوار بەشی سەرەکی کە ئەوانیش بەشی سەرەوەی ڕاستی مێشك و سەرەوەی چەپی مێشك و خوارەوەی ڕاستی مێشك و خوارەوەی چەپی مێشك, هەر ناوچەیەک گوزارشت لە شێوازی فێربوونی دیاریکراو دەکات. ( الزهيري , 2016, ل59).

**گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوە دایە:**

1- بە سوود وەرگرتن لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی ئێستا و توێژینەوە هاوشێوەکانی، بە زانینی پێداویستیەکانی جێبەجێکردنی شێوازەکانی فێربوون لە قوتابخانەکان، مامۆستایان گرنگی شێوازەکانی فێربوونی قوتابیان بۆ دەردەکەوێت.

2- توێژەر پێی وایە شێوازەکانی فێربوونی قوتابیان وەکو پێوست گرنگیان پێنەدراوە لە ناوەندەکانی فێربوون، توێژەر هیواخوازە ئەم توێژینەوەیە ببێتە خاڵی دەستپێك بۆ گرنگدان بەم بوارە.

3- توێژینەوەیە دەتوانێت بەشداربێت لەگەشەپێدانی ژینگەی پەروەردەیی، لە ڕێگەی دابینکردنی پێداوستیەکانی جیاوازەکانی فێربوون، چونکە قوتابیان شێوازی فێربوونیان جیاوازە، هەر قوتابیەك لە ڕێگەیەکی جیاوازە فێردەبێت.

## 2-1 کێشەی توێژینەوە:

پرۆسەی فێربوون رووبەڕووی کۆمەڵێك ئاستەنگ و گرفت دەبێتەوە بەتایبەت ئەوەی کە پەیوەستە بەجیاتاکی قوتابیان لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن، لە ئێستاشدا بەرپرسانی پەروەردە یی لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ دۆزینەوەی ئەو فاکتەرانەی کە هۆکارن بۆ نزمی ئاستی فێربوونی قوتابیان، بەشێوەیەك بەشێك لە توێژەران پێیان وایە یەکێك لە گرنگترین ئەو فاکتەرانە بریتییە لە بەکارهێنانی ئەو رێگا و شێوازە کۆنانەی کە پێداویستییەکانی فێربوونی قوتابیان دابین ناکات لە بابەتەکانی خوێندن. ( محمد ، 2104 ، ل 1 ).

خەسڵەت و کەسێتی قوتابیان یەکێکە لە گرنگترین ئەو فاکتەرانەی کە کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی فێربوون هەیە، لەبەر ئەوەی جیاوازییەکی زۆر لەنێوان کەسایەتی و توانای قوتابیان هەیە، ئاستی زیرەکی و هەڵچوون و تێگەیشتن و جەستەییان جیاوازە، سەرەڕای جیاوازی ئاراستە و بۆچونیان،

ئینجا ئەگەر بمانەوێت پرۆسـەی فێربوون سـەرکەوتوو بێت ئەوا دەبێت ڕەچاوی جیاوازی نێوان قوتابیان بکرێت و هەموویان بەیەك چاو سـەیرنەکرێن، لەلایەن مامۆسـتایانەوە هەوڵ نەدەن هەموویان لەقاڵب بدەن و بەیەك شـێواز فێریان بکەن. (قەرەچەتانی، 2013، ل12), هەر لەم ڕوانگەیەوە توێژەر مەبەستیەتی لەم توێژینەوەیەدا وەلامی ئەم پرسـیارە بداتەوە : **ئایا کامە شـێواز لەشـێوازەکانی فێربوون بە گوێرەی مۆدێلی هێرمانی چواری(HBDI) لای قوتابیانی پۆلی هەشـتەمی بنەڕەتی زیاتر بەکار دەهێنرێت؟**

## 3-1 گریمانەی توێژینەوە:

هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری نیە لەڕووی شـێوازەکانی فێربوون بە گوێرەی مۆدێلی هێرمانی چواری(HBDI) لەنێوان ناوەندە ژمێرەیی نموونەی توێژینەوە بەپێی جیاوازی ڕەگەزی.

## 4-1 ئامانجی توێژینەوە:

1- بۆ زانینی ئەوەی کامە شێواز لە شێوازەکانی فێربوون بە گوێرەی مۆدێلی هێرمانی چواری (HBDI) زیاتر بەکار دەهێنرێت لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی.
2- بۆ زانینی پلەی جیاوازی قوتابیان بۆ شـێوازەکانی فێربوون بە گوێرەی مۆدێلی هێرمانی چواری (HBDI) لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بۆگۆڕاوی ڕەگەز.

## 1-5 بوارەکانی توێژینەوە :

**1- بواری مرۆیی:** تە واوی قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە پارێزگای هەولێر.
**2- بواری کاتی:** توێژینەوەکە جێبەجێکرا بۆ ساڵی خوێندنی (2021-2022).
**3- بواری شوێنی:** سەرجەم قوتابخانە بنەڕەتیەکانی پەروەردەی ناوەندی هەولێر دەگرێتەوە.

## 1-6 پێناسەی دیاریکردنی چەمکەمان:

**1- شێواز:**

-(قەرەچەتانی، 2014) شێواز (ستایل) تایبەتە بەکەسیەتی قوتابی و حەزوو ئارەزووی، خاسیەتیەکی تایبەتیە، لەقوتابیەك بۆ قوتابیەکی تر دەگۆڕێت. (قەرەچەتانی، 2014، ل15).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- پێناسەی ڕێکاری توێژەر: فێربوون لە شێواز فراوانترە، هەر فێربوونێك دەواتوانرێت بە چەندەها شێواز وەربگیرێت، شێواز خاسیەتێکی تایبەتیە نەوەك گشتی وەك فێربوون.

2- **فێربوون:**

-(أبو فخر، 2014) فێربوون بریتیە لە چاکسازی و باشبوونی بەردەوامی ڕەفتار، کە دەتوانرێت لەڕێگەی سەرنج دانەوە ئەو چاکسازی و باشبوونە هەستی پێبکرێت، ئەویش بەهەست پێکردنی ئەو گۆرانکاریانەی کە لە ئەنجامی فێربوونەوە ڕوودەدەن. (أبو فخر، 2014، ل30 ).

- پێناسەی ڕێکاری توێژەر: فێربوون بریتیە لە گۆڕانکاری کردن لە ڕەفتار ئەویش لەڕێگەی شارەزایی و ڕاهێنانەوە دەبێت، تاك لە هەوڵ و کۆششدا دەبێت تا دەگاتە ئامانجەکانی.

3- **شێوازەکانی فێربوون: پێناسەکراوە :**

- (Klop ،1984) ڕێگایەکە فێرخواز بەکاری دەهێنێت بۆ ناسینەوە وچارەسەرکردنی زانیارییەکان لە کاتی پرۆسەی فێربووندا. (Klop, 1984, P259)

- (الزيات, 2004) بەوە پێناسەی دەکات کە: بریتییە لە شێوازێکی مەعریفی و هاندەریی و دەروونی کە ڕەنگدانەوەی پرۆسەی وەرگرتنی زانیارییەکانە لای فێرخواز, لەڕێگەی وەڵامدانەوەی ئەرێنی لە ڕێگەی ژینگەیی فێربوونەوە. (الزيات, 2004، ل79)

- پێناسەی ڕێکاری توێژەر: شێوازێکە هەموو فێرخوازێک لەسەرەتادا دەست دەکات بەسەرنجدان و گەڕاندنەوەی زانیاری نوێ, لە فێرخوازێکەوە بۆ فێرخوازێکی تر جیاوازە، شێوازی فێربوون کۆمەڵێک سیفەت و تایبەتمەندی کەسایەتی و بایۆلۆجیە, وادەکات هەمان فێرکاری لەگەڵ هەندێک لە قوتابیان کاریگەر بکات و ناکاریگەری دەکات لەگەڵ هەندێک قوتابیانی تر، بەهۆی جیاتاکی نێوان قوتابییەکانەوە.

4- **مۆدێلی هێرمانی چواری: پێناسەکراوە لەلایەن هەریەك:**

- (کاظم، 2011) بەوە پێناسەی دەکات کە: بریتیە لەبەستەوەی شێوازەکانی فێربوون بە دابەشکردنی مێشکی فێرخواز، هێرمان مێشکی دابەش کرد بۆ چوار بەشی سەرەکی، سەرەوەی ڕاست و چەپ و خوارووی ڕاست و چەپ، هەر ناوچەیەک گوزارشت لە شێوازی فێربوونی دیاریکراو دەکات, لەکۆتایی بیردۆزەکەی گەیشت بە مۆدێلی هێمایی چواری, بە هێمای( HBDI) کە کورتکراوەی( Hermann Brain Dominanace Instrument) ناونرا. (مجيد، 2011، ل182)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- (Herrmann ،1989) بەوە پێناســەی دەکات کە: مۆدێلی هێرمانی چواری (HBDI) مۆدێلێکی گشــتگیرترە لە مۆدێلەکانی تری فێربوون, ئارەزووی گەشــەکردن و گەشــەی فێرخوازانە لەڕووی عەقڵیەوە بە تایبەتی لە بواری داهێناندا, لەم ڕوانگەوە شێوازی فێربوون سیفەتی کەسایەتی جێگیر نییە، بەڵکو خوێندکارانەی کە فێردەبن لە ڕێگەی شێوازەکان کە لەگەڵ شێوازی کۆنترۆلی مێشکیان دەگونجێت ئەنجامی بەرز بەدەست دەهێنن لە پرۆسەی فێربوون و فێرکردندا. (نوافلة, 2008، ل24)

- پێناسەی ڕێکاری توێژەر: ئەو مۆدێلەیە کە یارمەتی مامۆستایان دەدات لە تێگەیشتن لە شێوازی بیرکردنەوەی پەیوەندی قوتابیان, مامۆستا دەتوانێت زیاتر لەوە تێبگات کە چۆن قوتابیەکانی فێر دەبن و چۆن بڕیار دەدەن و چۆن کێشەکان چارەسەر دەکەن و چۆن پەیوەندی دەکەن و بۆچی هەندێک شت دەکەن و چۆن دەیکەن.

## 2- چوارچێوەی تیۆری و لێکۆڵینەوەکانی پێشوو

### 2-1 چوارچێوەی تیۆری:

### 2-1-1 شێوازەکانی فێربوون:

### 2-1-1-1 چەمك و پێناسەی شێوازەکانی فێربوون:

چەمکی شێوازەکانی فێربوون، یەکێکە لەو چەمکە گرنگانەی کە یارمەتی فێرخواز دەدات بۆ دیاریکردنی دەرئەنجامەکانی پرۆسەی فێربوون, هەمەچەشنی شێوازەکان یارمەتی فێرخوازان دەدات بە ئاسانی زانیاریەکانی پێ بگات, ئەمەش لە ڕێگەی شێوازە هەمەجۆرەکانی فێربوونەوە کە کۆشش دەکات بۆ بەهێزکردنی زانیاری وهۆشیاری لە لایان, دەرفەتیان بۆ دەرەخسێنێت بۆ ئەوەی تیۆرەکان بگۆڕێن بۆپراکتیزەکردن. (Alumran, 2008, p87).

کنسیلا (1995) شێوازی فێربوون بەو پێناسە دەکات: کە پەسەندترین ڕێگای گونجاوی دووبارە بووەوەیە لای تاك بۆچارەسەرکردنی زانیاریە نوێیەکان وکارامەیی هەمەجۆر وهێشتنەوەیان بە بێ گوێدانە ئەو شێوازە فێربوونەی کە دابین کراوە یان جۆری ناوەڕۆکەکە. (Kinsella, 1995, p171).

دن و دن (1993) کە پێشەنگەن لە دارشتنی چەمکی شێوازەکانی فێربوون پێیان وایە: شێوازێکە هەموو فێرخوازێک لەسەرەتادا دەست دەکات بەسەرنجدان و گەڕاندنەوەی زانیاری نوێ, لە فێرخوازێکەوە بۆ فێرخوازێکی تر جیاوازە، شێوازی فێربوون کۆمەڵێک سیفەت و تایبەتمەندی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەسایەتی بایۆلۆجی و پەرەسەندنە کە وادەکات هەمان فێرکاری لەگەڵ هەندێک لە فێرخوازدا کاریگەر بکات و ناکاریگەری دەکات لەگەڵ هەندێک فێرخوازی تر.(مبارك, 2010، ل7).

الشرقاوی (1992) شێوازی فێربوونی بەم شێوەیە پێناسە کرد کە: بریتییە لەپێکهاتەیەکی دەروونی, لەسەر یەک لایەنی کەسایەتی بنیات نەنراوە, بەڵکو فرە لایەنە, بەشداری لە لێکدانەوەی جیاوازی تاکەکەسی نێوان تاکەکاندا دەکات, چەندین گۆڕانکاری مەعریفی و سۆزداری دەهێنێتە ئاراوە. (الشرقاوي, 1992، ل37).

**لە ڕێگەی ئەو پێناسانەی سەرەوە دەربارەی شێوازەکانی فێربوونەوە، توێژەرە وای دەبینی کە شێوازەکانی ئەم ڕەگەزانەی خوارەوەی دەگرێتە خۆی:**

**-پرۆسە مەعریفییەکان:** زانیاری لە ڕێگەی تێگەیشتنەوە وەردەگیردرێت, بەڵام لە فۆرمی تایبەتدا بەهێز و لاوازیان هەیە و هەندێکیان شیکاریین پێویستیان بە چەند سەرچاوەیەکە بۆ ئەوەی ئەزموونی پەروەردەیی بەدەست بهێنن و بەدوای ڕاستی و زانیاریدا بگەڕێن و پێویستە تەرکیز بخەنە سەر ناوەڕۆکی ئەو شتانەی کە دەیخوێننەوە و ئامانجەکان دیاری دەکەن و پێویستە بزانێت بۆچی فێر دەبێت، هەندێکیان لۆژیکیانە لەڕێگەی کردار و تاقیکردنەوە و کارپێکردنی تیۆرەکانەوە فێردەبن, هەندێکیشیان بەهۆی گەڕان و لێکۆڵینەوەوە لەڕێگەی هەوڵ و هەڵەوە فێردەبن.

**- چارەسەری زانیاریەکان:** تاکەکان جیاوازن لە شێوازی چارەسەری زانیاری، لەوانە هەیانە کە چارەسەری زانیاری دەکات بە شێوازی هاندەران یان بە شیکردنەوە و لێکدانەوە، کە هەریەکەیان لەم ڕوویەکەوە پەسەندە.

**- تایبەتمەندیەکانی ژینگەی و جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی:** تاکەکان جیاواز لە تایبەتمەندیە ژینگەی و جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتیدا، هەیانە به دەنگی بەرز فێردەبن، یاخوود بەبێدەنگی, یاخوود شێوازی فێربوونی لەسەر بنەمای چالاکی تاکەکەسیە یاخوود فێربوون لەڕێگەی گرووپ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 2-1-1-2 گرنگی شێوازەکانی فێربوون:

توێژەرانی پەروەردەیی ئاماژەیان بەوە کردووە کە شێوازەکانی فێربوون یەکێکە لە پێکهاتە گرنگەکانی دەستکەوتی ئەکادیمی لای قوتابیان و ئەم شێوازانەش بەشێکن لەپێکهاتە کەسیەکانی قوتابیان، یارمەتی فێرخوازان دەدات بۆ بەڕێوەبردنی بارودۆخی فێربوون بە شێوەیەکی کاریگەر.

ستێرنبێرگ (1999) پێی وایە ئەو قوتابیانەی کە شێوازی فێربوونی جیاوازیان هەیە، دەتوانن توانا و بیرکردنەوەیان بە شێوازی جیاواز و کاریگەرتر بەکاربهێنن، دەتوانن بە شێوەیەکی جیاواز وەڵامی هەموو جۆرەکانی بیرکردنەوەی پێویست بدەنەوە لە هەلومەرجی جیاوازدا, لەو چوارچێوەیەدا باس لە کۆمەڵێك خاڵ دەکات دەخاتەڕوو کە گرنگی شێوازەکانی فێربوون دەخاتەڕوو لەوانە:-

- قوتابیان باشتر فێر دەبن کاتێک ئەو ڕێگایانە بەکاردێنن کە تێیدا سەرکەوتوون.
- قوتابییەکان باشتر پەروەردە دەکرێن یان فێر دەکرێن کاتێک شێوازی پەسەندی خۆیان بەکاردەهێنن.
- کاتێک وانە وتنەوە شێوازی جۆراوجۆری پەسەند لەخۆ دەگرێت قوتابییەکان باشتر فێردەبن.
- زیادکردنی هاندانی قوتابیان بۆ فێربوون .(محمد, 2020، ل39).

### 3-1-1-2 مۆدێلەکانی شێوازی فێربوون:

شێوازەکانی فێربوون بە چەندین شێوە و مۆدێل پۆلێن کراون, زانایانی بواری پەروەردەی و دەروونزانی ڕای جیاوازیان هەیە، دەربارەی شێوازەکانی فێربوونی, لەخوارەوە بەشێك لە گرنگترین ئەو مۆدێلانە دەخەیەنەڕوو:

**1- مۆدێلی فۆرمات مەککارتی (McCarththy 4 MAT Model):** مۆدێلی فۆرماتی مەککارتی جەخت لە پەرەسەندن و بەکارهێنانی پرۆگرامێکی دیاریکراو دەکاتەوە کە دیزاین کراوە بۆ ڕەچاوکردنی شێوازی فێربوونی دڵخوازی قوتابیان، سیستەمی فۆرماتی مەککارتی لەسەر بنەمای تیۆری دەیڤد کۆلب بووە کە تاکەکان زانیاری نوێ فێردەبن و بە یەک شێوە ڕووبەڕووی حاڵەتی نوێ دەبنەوە, بەڕێگای (هەستەکان یان بیرکردنەوە) ئەم دوو مەودای فێربوونە دابەشکراون بۆ چوار شێوازی فێربوونی سەرەکی (قوتابی خەیاڵی، قوتابی شیکەرەوە، قوتابی لۆژیکی، قوتابی دینامیکی), بەبڕوای

ماککارتی قوتابی قوتابی دینامیکی تەنیا فێربوونێکی گونجاوی دەســت دەکەوێت ,بەڵام قوتابی (خەیاڵی و شیکەرەوە و لۆژیکی) تر ناچارن بە مۆدێلی فێربوونی دینامیکی فێربن. (جابر وقرعان، 2004, ل89).

**2- مۆدێلی دان و دان (Dunn&Dunn):** ئەم مۆدێلە لەســەر بنەمـای ئەو تیۆرییە دانراوە کە هەر قوتابیەك بە شێوازی خۆی باشتر فێر دەبێت, بۆیە داوای دەستنیشانکردنی شێوازە پەسەندکراوەکانی ئەو قوتابیانە دەکات کە بە باشـترین شـێوە فێر بوونە, دان ودان لە توێژینەوەکەیاندا گرنگیان داوە بە گۆڕاوەکانی کۆمەڵایەتی و ســۆزی و جەســتەیی و ژینگەیی کە هەریەکەیان فاکتەری لاوەکیان هەیە (الشــبلي، 2017، ل13), دان و دان ئەم مۆدێلەیان لەســەر دوو گریمانە دامەزراند, پێیان وابوو ئەگەر ئەم گریمانانە بەدەســـت بهێنرێ، چاوەڕوان دەکرێت توانای فێرخوازی باشـــتر بێت, گریمانەکانیش بریتی بوون لەوەی دەکرێت جۆرەها ڕێکاری پەروەردەیی بەکاربهێنرێت و ژینگە پەروەردەییەکان گرنگی زیاتری پێبدرێت بۆ گونجاندن نێوان شـێوازی فێربوون بە شـێوازی فێرکردن. (العيلة, 2012، ل77).

**3- مۆدێلی دەیڤد کۆلـب (David Kolb):** وەک تێبینیمـان کرد، چەنـدین لێکۆڵینەوە هەبوون کە پۆلێنکردنی فێرخوازانیان بە پێی شـــێوە و شـــێوازەکانی فێربوونیان ، یەکێک لە بەناوبانگترینیان پەرەسەندنی دەیڤد کۆلب بوو(David Kolb) کە ئاماژەی بەوەدا کە جیاوازییەکانی شێوازی فێربوون لە فێرخوازانـدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دوو فـاکتەری دژ بە یەکن کە بە هێڵی ســتوونی نوێنەرایەتی دەکرێن کە درێژ دەبێتەوە لە تێگەیشـــتنەوە بۆ ئەبســـتراکـت(ڕووت-نەبینـدراو), دووەمیـان درێژ دەبێتەوە لە تێبینی تێڕامان بۆ مەشقی چالاک. (Klob, 1984, p43).

### 2-1-2 مۆدێلی هێرمانی چواری (HBDI):

هێرمان(Hermann) یەکەم تێبینی تیۆرییەکەی لە سـاڵی (1976) دەسـتی پێکرد کاتێک دەسـتی کرد بە بیرکردنەوە لەوەی کە چۆن دەتوانرێ لە هەڵســوکەوتی مرۆڤ تێبگات, هێرمان ســەرکەوتوو بوو لەوەی کە مەبەسـتیەتی و لە سـاڵی (1978) لە تیۆرییەکەیدا داهێنانی کرد،( الزهيري , 2016, ل59) هێرمان مێشکی دابەش کرد بۆ چوار بەشی سەرەوەی ڕاست و چەپ و خوارووی ڕاست و چەپ، هەر ناوچەیەک گوزارشـت لە شـێوازی فێربوونی دیاریکراو، هێما، ڕەنگ و تایبەتمەندییە سـەرەتاییەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فێربوون و بیرکردنەوە دەکات, شـــێوازی فێربوون بەگوێرەی مودێلی هێرمانی چواری نیشـــاندەری شێوازەکانی فێربوونی وەرگرتن و خەزنکردنی زانیاریە، بە شێوەیەکی ڕەمزی مێشکی دابەش کرد بۆ چوار بەش و هەر بەشـــێک تایبەتمەندە بە هەندێ کرداری عەقڵی کە تێیدا مێشـــک بە چوار شـــێواز دابەش دەبێت: 'A' شیکاریەکان، 'B' جێبەجێکاری، 'C' کارلێک کراوان و 'D' داهێنەرەکان، هەر کەسێک دەتوانێت ســـەر بە مۆدێلێکی تایبەت بێت، دەتوانێت دوو شـــێواز یان زیاتر تێکەڵ بکات، هێرمان وەســـفی تایبەتمەندییەکانی فێربوونی هەر چوار بەشـــی کردوە، وەســـفی ڕێگاکانی پەروەردەی وچوارچێوەی کرد کە لەگەڵ یەکتر کۆکن. (محمد، 2020، ل43).

## 3-1-2 شێوازی فێربوون لەژێر ڕۆشنایی مۆدێلی هێرمانی چواری (HBDI):

مۆدێلی هێرمانی چواری (HBDI) سیستەمیکی و گشتگیرترە لە مۆدێلەکانی تری فێربوون و حەزی بە گەشـــەکردن و گەشـــەی قوتابیان هەیە، بە تایبەتی لە بواری داهێناندا، توێژینەوەکانی هێرمان دەریخستووە کە ئەو قوتابیانەی فێردەبن لە ڕێگەی شێوازەکان کە لەگەڵ شێوازی کۆنترۆلی مێشکیان دەگونجێت ئەنجامی بەرز بەدەســـت دەهێنن لە پرۆســـەی فێربوون و فێرکردندا، بە پێچەوانەی ئەو خوێندکارانەی کە بە شـــێوەی ناتەواو لەگەڵ شـــێوازی کۆنترۆلی مێشـــکیان فێردەبن، مامۆســـتا بە تێگەیشـــتن لە شـــێوازی بیرکردنەوەی پەســـەندی قوتابیان دەتوانێت زیاتر لەوە تێبگات کە چۆن قوتابیەکانی فێر دەبن و چۆن بڕیار دەدەن و چۆن کێشـــەکان چارەســـەر دەکەن, قســـەکردن لەســـەر شـــێوازی فێربوون وامان لێدەکات کە باس لە شـــێوازی فێرکاری جیاواز بکەین و گفتوگۆکەش درێژ دەبێتەوە بۆ ســـروشـــتی ئەو پەیوەندییەی کە دەبێت لە نێوان مامۆســـتا و قوتابیدا بێت، هێرمان ئەم شێوازانە لە چوار گرووپدا پۆلێنی کرد و پێی وایە یەکێک لەو چوار شێواز و ڕێکارە فێرکاریانە لەگەڵ یەکێک لە چوار شـێوازی فێربووندا دەگونجێت (Herrmann, 1989, p137)، وەکو ئەم شـێوازانەی خوارەوە:

**1- شـــێوازی وانەوتنەوە کە هاوتایە لەگەڵ شـــێوازی فێربوونی دەرەکی هێڵی (A):** ئەو قوتابیانەی شـــێوازی فێربوونی دەرەکی هێڵی (A) بە باشـــتر دەزانن کە لە بەشـــی ســـەرەوەی چەپی مێشـــکدا ڕوودەدات, لەم شـێوازەدا مامۆســتا ڕۆڵی ســەرەکیی هەیە، هەروەها خوێندکار گوێگرە، لەم شـێوازە مامۆستا زانیاری و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بۆ قوتابیەکانی دابین دەکات.

**2- شـــێوازی کاری دەســـتییە هاوتایە لەگەڵ شـــێوازی فێربوونی ڕێکاری هێڵی (B):** ئەو قوتابیانەی شـــێوازی فێربوونی ڕێکاری هێڵی (B) بە باشـــتر دەزانن, کە لە بەشـــی خوارەوەی چەپی مێشـــک ڕوودەدات, ئەم شـــێوازە بریتییە لە پێدانی دەرفەت بە قوتابیان بۆ فێربوون بە دەســـت بە هەنگاو و ڕێکارە تایبەتەکان، دابەشـــکردنی کارامەییەکان بۆ هەنگاوە یەک لە دوای یەکەکان، تاقیکردنەوەی گریمانەکان، نووسینی ڕاپۆرت بۆ ئەو تاقیکردنەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

**3- شێوازی فێربوونی هاوبەش کە هاوتایە لەگەڵ شێوازی فێربوونی کارلێکی گشتی هێڵی (C):** ئەو قوتابیانەی شـــێوازی فێربوونی کارلێکی گشـــتی هێڵی (C) بە باشـــتر دەزانن کە لە بەشـــی خوارەوەی ڕاســـتی مێشـــکدا ڕوودەدات، پاڵپشـــتی فێربوون لە ڕێگەی گروپەوە دەکات، پێی وایە قوتابیان بە هاوبەشی کردن لە کاری پێکەوەی فێردەبن.

**4- شـــێوازی نیشـــاندانی کرداری کە هاوتایە لەگەڵ شـــێوازی فێربوونی ناوخۆیی هێڵی (D):** ئەو قوتابیانەی شـــێوازی فێربوونی ناوخۆیی هێڵی (D) بە باشـــتر دەزانن, لە بەشـــی ســـەرەوەی ڕاســـتی مێشـــکدا ڕوودەدات, ئەم شـــێوازە بە پرســـیار دەســـت پێدەکات بۆ ئەوەی قوتابی بیربکاتەوە، پاشـــان دوای ســـەیرکردن، مامۆســـتا ڕوونکردنەوە دەدات و قوتابی ڕادەســـپێرێت بۆ چارەســـەرکردنی هەندێک کێشـــەی پەیوەســـت بە بابەتی دیاریکراو و بە پرســـیار و گفتوگۆ کۆتایی دێت. (نوافلە، 2008، ل-25 24)

**2-1-5 پەیوەندی شێوازەکانی فێربوون بە گوێرەی مودێلی هێرمان بە زاڵبوونی مێشک:**

ئەم چەمکە بە چەند زاراوەیەکی ترەوە گرێدراوە کە هاوشـــێوەن، زاراوەی زاڵبوونی مێشـــک ئاماژەیە بۆ جەختکردنەوە لەســـەر کۆنترۆڵ یان مەیلی یەکێک لە نیوەگۆیەکانی مێشـــک بۆ بەکارهێنانی کاریگەری نیوەکەی تر لەســـەر هەندێک ئەرک وەک زمان و دەســـت بەکارهێنان. (كمال الدين، 2020، ل201).

بەم شـــێوەیە چەمکی زاڵبوونی مێشـــک دەرکەوت کە بوو ئاماژەیەک بۆ تایبەتمەندی یەکێک لە نیوە پچڕاوەکانی مێشـک بە کۆنترۆڵکردنی هەڵسـوکەوتی تاک یان مەیلی تاک بۆ پشـت بەسـتن بە نیوەی مێشک زیاتر لە نیوەکەی تر. (اسماعیلی و قشوش، 2019، ل34-35).

بە گوێرەی ئەو مۆدێلەی کە (هێرمان) دایرشتووە، پشت بەستن بە نیوەگۆی مێشك دەگەرێتەوە بۆ کۆمەڵێك فاکتەری (ژینگەیی و کۆمەڵایەتی و بۆ ماوەیی)، لە مۆدێلەکەی تاکەکانی دابەشی سەر چوار بەشی مێشك کرد ئەوانیش (نیوەی سەرەوەی لای چەپی مێشک:)، (نیوەی خوارەوەی لای چەپی مێشک)، (نیوەگۆی خوارەوەی ڕاستی مێشک)، (نیوەگۆی سەرەوەی لای ڕاستی مێشک) (نوفل، 2009، ل 121) .

## 2-2 توێژینەوەکانی پێشوو:

### 1-2-2 توێژینەوەکانی پێشووی شێوازەکانی فێربوون: بڕوانە خشتەی (1)

خشتەی(1) ڕوونکردنەوەی توێژینەوەکانی پێشوو دەربارەی شێوازەکانی فێربوون

| توێژەر و ساڵ و شوێن | ئامانجی توێژینەوە | ڕێباز و ئامراز | نموونەی توێژینەوە | ئەنجامەکان |
|---|---|---|---|---|
| 1976نید هێرمان بەریتانیا | دەستیشانکردنی شێوازەکانی کۆنترۆڵی مێشك و شێوازی فێربوون لای تاکەکان. | وەصفی فۆرمی ڕاپرسی | 500,000 نێر و مێ | گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە هەر مرۆڤێک بەلایەنی کەمەوە یەک بژاردەی سەرەکی هەیە بۆ فێربوون. |
| مبارك 2010 ئوردن | زانینی جیاوازی لە شێوازەکانی فێربوون بە گوێرەی مۆدێلی کولب بۆ گۆڕاوەکانی ڕەگەزی و پسپۆری ئەکادیمی. | وەصفی فۆرمی ڕاپرسی | قوتابی 430 نێر و مێ | جیاوازی هەیە لە شێوازەکانی فێربوونی قوتابیان، جیاوازی ڕەگەزی نیە، جیاوازی هەیە لەنێوان بەشەکانی (زانستی و وێژەی) |
| الشبلی 2017 ئوردن | دۆزینەوەی شێوازەکانی فێربوون کە قوتابیان لە زانکۆی خەرطوم لەبەشی پێوانە و هەڵسەنگاندن بەکاری دەهێنن. | وەصفی فۆرمی ڕاپرسی | قوتابی383 نێر و مێ | جیاوازی هەیە لە شێوازەکانی فێربوونی قوتابیان، جیاوازی ڕەگەزی هەیە لە شێوازەکانی فێربوون. |
| منصور 2017 جەزائیر | بۆ زانینی کردارەکانی فێربوون(بیرکردنەوەی قووڵ، شێوازەکانی فێربوون) کە | وەصفی فۆرمی ڕاپرسی | قوتابی549 نێر و مێ | جیاوازی هەیە لەشێوازەکانی فێربوونی قوتابیان بەپێی |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | زیاتر بەکاردەهێنرێن لای قوتابیان. | | | گۆڕاوەکانی(ڕەگەزی و پسپۆری ئەکادیمی). |

## 2-2-2 سوودەکانی توێژینەوەکانی پێشوو:

1- سوود بینین بۆ داڕشتنی ناونیشان و پێشەکی وکێشەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی لۆجیکی.

2- بنیاتنانی چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە.

3- چۆنیەتی هەڵبژاردنی ڕێبازی گونجاو بۆ توێژینەوەکە، کە بریتییە لە ڕێبازی وەسفی شیکاری.

4- دروستکردن و ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەی گونجاو.

5- هەڵبژاردنی کۆمە ڵگەو نموونە ی گونجاو.

6- هەڵبژاردنی هۆکاری ئاماری گونجاو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

## 3- ڕێبازی توێژینەوە و ڕێکارەکانی:

ئەم بەشە ڕێوشوێنی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت بەمەبەستی هێنانەدی ئامانجی توێژینەوەکە، مەبەست لێی خستەڕووی پرۆگرامی بەکارهێنراوی توێژینەوەکە و کۆمەڵگە و نموونەی وەرگیراو بۆ توێژینەوەکە و چۆنیەتی ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوە و ڕاستی و نەگۆڕی ئامرازەکە و دیاریکردنی ئامرازی توێژینەوەیە بەم شێوەیەی خوارەوە:

### 1-3 ڕێبازی توێژینەوە Methodology:

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکاری بەکارهاتووە، چونکە لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکە گونجاوە، ئەم ڕێبازە بەوە ناسراوە کەتوێژەران پشتی پێدەبەستن بۆناسینەوەی تایبەتمەندی دیاردەکان لەسەر بنەمای وەسف کردنێکی وورد دەکرێت وەسفکردنەکە بە ووشە بێت یاخوود ژمارە (العثمان، 2009، ل33).

### 2-3 کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوە Research Community and Sample:

کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە هەموو قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەڕەگەزی (نێر و مێ), لەقوتابخانە بنەڕەتیە گشتیەکانی پەروەردەی ناوەندی هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی (2021-2022)، کە ژمارەیان بەگشتی (15389)قوتابیە، لەوژمارەیە(8261)قوتابی نێر کەدەکاتە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێـژەی(53,68%) و (7128)قـوتـابـی مـێ کـەدەکـاتـە ڕێـژەی (46,32%)، دابـەشـــکـراون بەسـەر(272)قوتابخانەی بنەڕەتی و دواناوەندی کە بەڕۆژ دەوام دەکەن, دوای هەڵبژاردنی کۆمەڵگای توێژینەوە، توێژەر هەڵسـا بە دیاریکردنی نموونەی توێژینەوەکەی بە شـێوەیەکی هەڕەمەکی, بەشـێوەیەك کەنوێنەرایەتی زۆربەی ناوچە جوگرافیەکانی کۆمەڵگایەکەمان بکات، لەکۆی (272) قوتابخانە(32) قوتابخانەمان هەڵبژارد لەناوچە جوگرافیە جیاوازەکانی کۆمەڵگاکەمان، لەهەر قوتابخانەیەك (20) قوتابی بەشـێوەیەی (هەڕەمەکی) هەڵبژێردران, کەژمارەیان بریتی بوو لە(540) قوتابی، لەکۆی ئەم ژمارەیە بەهۆی هەڵە و کەموکوڕی لەپڕکردنەوەی فۆرمەکانی ڕاپرسـی(38) قوتابی دوورخرانەوە، (502)قوتابی بەنموونەی کۆتایی توێژینەوەکەمان مایەوە کەدەکاتە (3,26%) کۆی گشـتی کۆمەڵگای توێژینەوەکەمان, لەو ژمارەیە(267) قوتابی لەڕەگەزی نێر کە دەکاتە ڕێژەی (53,19%) لـەکـۆی گـشـتـی نـمـوونـەی تـوێـژیـنـەوەمـان, (235) قـوتـابـی لـەڕەگـەزی مـێ بـوون کەدەکاتە(46,81%).

## 3-3 ئامرازی توێژینەوە

ئامرازەکانی توێژینەوە هۆکارێکی سـەرەکیە بۆ کۆکردنەوەی ئەو زانیاری و داتایانەی کە پێوسـتن بۆ تاقیکردنەوەی گریمانەکانی توێژینەوە یان وەڵامدانەوەی پرسـیارەکانی توێژینەوە(العساف, 1995, ل100), بەهۆی ئەوەی مەبەسـتی ئەم توێژینەویە زانینی شـێوازەکانی فێربوون بەگوێرەی مودێلی هێرمانی چواری(HBDI) لای قوتابیانی پۆلی هەشـتەمی بنەڕەتی، بەپشـت بەسـتن بەبەشـێك لەتوێژینەوەکانی ڕابردوو کە زۆربەیان ئامرازی ڕاپرسـیان بەکارهێناوە بۆ پێوانەکردنی گۆڕاوەکانیان لەسـەر نموونەی توێژینەوەیان، بۆیە توێژەر بەسـوود وەرگرتن لەتوێژینەوەکانی ڕابردوو، ئامرازی ڕاپرسی دیاریکرد بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی.

## 4-3 ئامادەکردنی پێوەری شێوازەکانی فێربوون بە گوێرەی مودێلی هێرمانی چواری (HBDI):

### 1-4-3 دیاریکردنی ئامانج لە ئامادەکردنی پێوەر:

توێژەر هەڵسـا بە دیاریکردنی ئامانجی پێوەری شـێوازەکانی فێربوون بە گوێرەی مودێلی هێرمانی چواری(HBDI)، ئامانج لە ئامادەکردنی ئەم پێوەرە بەمەبەسـتی زانینی ئەوەی کامە شـێواز لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شـــێوازەکـانی فێربوون بـە گوێرەی مۆدێلی هێرمـانی چواری (HBDI) زیـاتر بـەکـار دەهێنرێـت لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی.

### 2-4-3 دیاریکردنی بڕگەکانی پێوەر:

توێژەر بەمەبەستی ئامادەکردنی فۆرمی ڕاپرسی شێوازەکانی فێربوون بەگوێرەی مۆدێلی هێرمانی چواری(HBDI)و فراوانکردن و گەشـــەپێدانی پێوەرەکە، هەڵســـا بەگەڕان بەنێو ســـەرچاوەکان و توێژینەوەکانی پێشوو نزیك لەبابەتی توێژینەوەکەی پشتی بەست بەتوێژینەوەکانی(سامیة، 2020)، (خالدی، 2019)، (محمد، 2017)، (رواشدة و ئەوانی تر،2010)، دوایی ئەوە پێوەرێکی ئامادەکرد کە لەچوار بواری ســـەرەکی پێك هاتووە، هەر بوارێك لە(13) بڕگە پێك هاتووە، هەر بوارێك شـــێوازێکی تایبەتی فێربوونی لەخۆگرتووە(A,B,C,D) کۆی گشـــتی پرســـیارەکان(52) پرســـیارە بەشـــێوەیەکی ســـەرەتایی, هەر بڕگەیەك پلەیەك دانراوە بەپێوەری(لیکەرت)، (هەمیشـــە، زۆرجار، هەندێك جار، زۆرکەم، هەرگیز)، سەرجەم بڕگەکانی ئەرێنیە هاوشانی ژمارەکانی(1،2،3،4،5).

### 3-4-3 ڕاستگۆی پێوەر:

دوای ئامادەکردنی بڕگەکانی پێوەری فۆڕمی ڕاپرســـی توێژەر هەڵســـا بە دابەشـــکردنی پێوەرەکە لە شێوەی فۆرمێکی تایبەت بەسەر ژمارەیەك لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری پەروەردە و دەروونزانی و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پێوانە و هەڵســـەنگاندن و جوگرافیا، کە ژمارەیان (13) شـــارەزابوو، دوای دیاریکردنی وەڵامەکانی شارەزایان، دووبارە داڕشتنی هەندێك بڕگە ڕێکخرا لەسەر بنەمای ڕاستگۆیی ڕووکەشـی بۆ ئەوەی ئامانجی پێوەرەکە بەشـێوەیەکی باشـتر و ڕاسـتگۆتر بەدەسـت بهێنرێت، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ بڕگەیەك لە بڕگەکانی پێوەرەکە ڕەشـبکرێتەوە و لاببردرێت، لەڕێگەی هاوکێشـەی ( جی کۆپەر- J.Cooper ) و بەدەستهێنانی ڕێژەی ڕازیبوون بەڕێژەی(84%)، ڕاستگۆیی ڕووکەشی بۆ پێوەرەکە بەدیهات، کاتێکیش ڕێژەی کۆدەنگی پســـپۆڕان(75%)یان زیاتر بێت ئەوا بەشـــێوەیەکی زانستی لەلایەنی ڕاستگۆیی ڕواڵەتیەوە پەسەند دەکرێت(الزوبعی، 1981، ل44).

### 4-4-3 جێبەجێکردنی پێوەر لەسەر نموونەی ڕاپرسیی (العینه الاستطلاعیة):

جێبەجێکردن لەسەر نموونەی سەرەتایی ڕاپرسی هەنگاوی یەکەمی مەیدانیە لەتوێژینەوە زانستیەکان، بۆیە توێژەر نموونەیەکی لەکۆمەڵگای توێژینەوەکەی وەرگرت، کە نوێنەرایەتی کۆمەڵگای توێژینەوەکەی دەکات، (150) قوتابی پۆلی هەشەمی بنەڕەتی لەهەردوو ڕەگەز لەقوتابخانە بنەڕەتیەکانی پەروەردەی ناوەندی هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی (2021-2022) بەشێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردران، کە ئەوانیش قوتابخانەکانی، لەو ژمارەیە (79) قوتابی کوڕ و (71) قوتابی کچ وەرگیران، فۆڕمی ڕاپرسی شێوازەکانی فێربوون بەگوێرەی مودێلی هێرمانی چواری (7-2-2022)تاوەکو(9-2-2022) خرایە بەردەستیان.

### 5-4-3 شیکردنەوەی ئاماری بۆ نموونەی ڕاپرسی (العینة الاستطلاعیهة):

#### أ- هێزی جیاکاری بۆ بڕگەکانی پێوەر:

پاش ڕاستکردنەوەی وەڵامەکان توێژەر هەستا بەئەنجامدانی ئەم ڕێکارییانەی خوارەوە:

1- ڕێکخستنی نمرەکان و ڕیزبەندکردنیان بە شێوەی بۆ خوارەوەیی، واتا لە بەرزەوە بۆ نزم.

2- وەرگرتنی (27%) فۆرمەکان بۆ بەرزترین نمرە کە کۆمەڵەی بەرز دەنوێنێ، وەرگرتنی (27%) فۆرمەکان بۆ نزمترین نمرە کە کۆمەڵەی نزم دەنوێنی, پاشان دابەشکردنیان بۆ سێ چین، چینی یەکەم بەرزترین ئاست (27% جارانی 150) بکرێت=41، هەمان ڕێکاری بۆ کۆمەڵەی نزم، بەها و بەهاکانی دیکەش لە جیاکارییەکانی بڕگەکان پشتگوێ خران, (41) قوتابی لەکۆمەڵەی بەرز, (41) قوتابی لەکۆمەڵەی نزم وەرگیران کە کۆی هەردوو کۆمەڵە دەکاتە (82) قوتابی.

3- توێژە تاقیکردنەوەی تائی (t. test) بەکارهێنا بۆ هەردوو نموونەی سەربەخۆ بۆ زانینی جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێرییەکان بۆ نمرەی هەردوو کۆمەڵەی بەرزو نزمی و بۆ هەر بڕگەیەك لە بڕگەکان.

پاش بەکارهێنانی هاوکۆڵکەی جیاکاری دەردەکەوێت کە بەهای تائی (t. test) بۆ بڕگەکانی پێوەرەکە لەنێوان (0,811 – 12,518)، بە تێڕوانین بۆ بەهای (Sig)ی هەر بڕگەیەك، ئەگەر بەهاکەی لە ئاستی (0,05) بەرزتربێت ئەوا توێژەر بەبڕگەیەکی جیاوازی داناوەو لایبردووە، زۆرینەی بڕگەکان بەهاداری ئاماری بوون، جگە لە هەریەك لە بڕگەکانی (11,9,8) لە بواری یەکەم، بڕگەکانی (18,17,14) لەبواری دووەم، بڕگەکانی (37,30) لەبواری سێیەم، بڕگەکانی(44,41,40) لەبواری چوارەم، کە بەهای (Sig)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەریەکەیان گەورەتربوو لە هەڵەی ڕێپێدراو (0,05) بە نمرەی ئازادی (80) بۆیە ئەو بڕگانە دوورخرانەوە، دوای دۆزینەوەی هێزی جیاکاری و شیکردنەوە ئامارییەکان بۆ بڕگەکان، پێوەری شێوازەکانی فێربوون بە گوێرەی مۆدێلی هێرمانی چواری(HBDI) پێکهات لە (41) بڕگە.

### ب- ڕاستگۆیی و گونجاوی ناوخۆیی:

توێژەر بۆ دۆزینەوەی ڕاستگۆی گونجانی ناوخۆیی هەستا بە جێبەجێکردنی پێوەرەکە لەسەر نموونەی ڕاپرسی کە پێکهاتبوو لە (150) قوتابی لە هەردوو ڕەگەز، پاشان هەژمارکردنی هاوکۆڵکەی پەیوەستبوونی پیرسون بەبەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS) لەنێوان نمرەی گشتی هەر بڕگەیەك لەگەڵ نمرەی گشتی پێوەرەکە، وە هەر بوارێك لەگەڵ نمرەی گشتی، دواتر دۆزینەوەی ڕاستگۆیی گونجانی ناوخۆیی بۆ هەر بڕگەیەك لەگەڵ بوارەکەیدا، گشت بڕگەکانی پێوەرەکە پەیوەندییەکی بەهاداری ئامارییان هەیە لەگەڵ نمرەی گشتی پێوەرەکە لە ئاستی کەمتر لە (0,01) و (0,05)، بەشێوەیەك کە بەهای هاوکۆڵکەی پەیوەستبوون دەکەوێتە نێوان (0,163 – 0,624) بەگەڕانەوە بۆ بەهای (Sig) هەر بڕگەیەك، لەژێر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامە دەردەکەوێت کە هەموو بڕگەکان تایبەتمەندی گونجانی پەیوەستبوونی ناوخۆیی و ڕاستگۆییان هەیە.

### 3-4-6 جێگیری پێوەر:

### أ- ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە:

توێژەر هەستا بە جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکە لەسەر نموونەی ڕاپرسی کە ژمارە یان (60) قوتابی بوو لەهەردوو ڕەگەز، لەچەند قوتابخانەیەکی جیاواز، پاشان هەستا بەدووبارە کردنەوەی تاقیکردنەوەکە لەسەر هە مان نموونە دوای(14) ڕۆژ، دوای ڕاستکردنەوەی وە ڵامەکانی پێوەرەکە، هاوکۆڵکەی بە یەکبەستنەوەی (پێرسۆن) ی بەکارهێنا بۆ دڵنیابوون لە جێگری پێوەرەکە، کە هاوکۆڵکەی جێگیری نێوان هەردوو تاقیکردنەوە کە بریتی بوو لە (0,764) لە ئاستی بە ڵگەداری (0,05)، بەنمرەی ئازاد (41) بە گریمانەی Sig (0,00)، ئەمە مانای ئەوەیە کە هاوکۆڵکەی بەیەکبەستنەوەکە بە هادارە و پێوەرەکە بەڕادەیەکی بەرز جێگیرە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ب- هاوکێشەی ئەلفا-کرۆنباخ:**

دوای ئەوەی توێژەر هاوکێشەکەی بەسەر نمرەی قوتابییەکان جێبەجێکرد، دەرکەوت کە جێگیری تاقیکردنەوەکە بریتیە لە (0,843)، کە ئەمەش جێگیریەکی بەرز و گونجاوە.

**5-3 هۆکارە ئامارییە بەکارهاتووەکان:**

- تاقیکردنەوەی (T. test) بۆ یەك نموونە: بەکارهێنراوە بۆ بەراوردکردنی ناوەندە ژمێرەی.
- تاقیکردنەوەی (T. test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ: بەکارهێنراوە بۆ دۆزینەوەی جیاوازی نێوان ڕەگەز و هێزی جیاکاری بڕگەکانی پێوەر.
- هاوکێشەی جی کۆپەر (J. Cooper Formula): بەکارهێنراوە بۆ دۆزینەوەی ڕێژەی ڕازیبوونی شارەزایان.
- هاوکێشەی پەیوەستی پێرسۆن: بەکارهێنراوە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی و جێگیری فۆڕمی ڕاپرسی.
- هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ (Alpha Coronbach) : بەکارهێنراوە بۆ هەژمارکردنی هاوکۆلکەی جێگیری بۆ پێوەری شێوازەکانی فێربوون بە گوێرەی مۆدێلی هێرمانی چواری (HBDI).
- هەگبەی ئاماری بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان (Siences Social for Package Stat).

**4- دەرخستنی ئەنجامەکانی توێژینەوە و شیکردنەوەیان:**

**4-1 خستەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکانی پەیوەست بە پرسیاری سەرەکی توێژینەوە:**

توێژەر بەمەبەستی دۆزینەوەی پرسیاری سەرەکی توێژینەوە هاوکێشەی (t.test one sample) لە بەرنامەی چارەسەری ئاماری(spss) بەکارهێناوە بۆ دەرخستنی ئەنجامی بوارەکان، کە لەخشتەی (1-4) ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (4-1): ناوەندەژمێری و لادانی پێوەری و کێشی سەدی و ڕیزبەند و ئاستی هاوڕابوون بۆ سەرجەم بوارەکانی پێوەری شێوازەکانی فێربوون بەگوێرەی مۆدێلی هێرمان چواری(HBDI)**

| بوارەکان | نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | کێشی سەدی هاوڕابوون | پلە | ئاستی هاوڕابوون |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بواری فێربوونی دەرەکی | 502 | 3.68 | 0.512 | %73.67 | 3 | بەرزە |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بواری فێربوونی ڕێکاری | 502 | 3.72 | 0.606 | %74.31 | 2 | بەرزە |
| بواری فێربوونی کارلێکی گشتی | 502 | 3.68 | 0.592 | %73.52 | 4 | بەرزە |
| بواری فێربوونی ناوخۆی | 502 | 3.82 | 0.591 | %76.34 | 1 | بەرزە |

بەپێی ئەو زانیارییە ئامارییانەی کە لەخشتەی (4-1) هاتووە، کە تایبەتە بە سەرجەم بوارەکانی فۆرمی ڕاپرسی شێوازەکانی فێربوون بەگوێرەی مودێلی هێرمانی چواری، لە (4) بوار پێك هاتووە بەبەکارهێنانی (t.test one sample) بۆ سەرجەم بوارەکان، کۆی گشتی بڕگەکانی (41) یە، ئەگەر سەرنج بدەین سەرجەم بوارەکان ناوەندی ژمێرەیی لەسەرووی نمرە(3) دایە، بواری فێربوونی دەرەکی بەناوەندی ژمێرەی (3.68) و لادانی پێوانەیی (0.512) و کێشی سەدی (73.67 %) لە پلەی(3) دایە، بواری فێربوونی ڕێکاری بەناوەندی ژمێرەی (3.72) و لادانی پێوانەیی (0.606) و کێشی سەدی (74.31 %) لە پلەی(2) دایە، بواری فێربوونی کارلێکی گشتی بەناوەندی ژمێرەی (3.68) و لادانی پێوانەیی (0.592) و کێشی سەدی (%73.52) لە پلەی(4)، بواری فێربوونی ناوخۆیی بەناوەندی ژمێرەی (3.82) و لادانی پێوانەیی (0.591) و کێشی سەدی (%76.34) لە پلەی(1) دایە، کە سەرجەم بوارەکان ئاستی هاوڕابوونیان (بەرزە)، کەواتە دەتوانین بڵێن بواری فێربوونی ناوخۆی هێڵی(D) لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەبابەتی جوگرافیا لە قوتابخانەکانی پەروەردەی ناوەندی هەولێردا زیاتر بەکاردەهێنرێت. ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەمان هاوڕایە لەگەڵ توێژینەوەی (منصور، 2017) و توێژینەوەی (الشبلى، 2017) و توێژینەوەی (مبارك، 2010).

**2-4 گریمانەی توێژینەوە: هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری نیە لەڕووی شێوازەکانی فێربوون بە گوێرەی مۆدێلی هێرمانی چواری(HBDI) لەنێوان ناوەندە ژمێرەیی نموونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوەکانی ڕەگەزی ڕەگەزی (نێر ، مێ):**

توێژەر بەمەبەستی دۆزینەوەی گریمانەی توێژینەوە هاوکێشەی (independent sample t.test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەکارهێناوە بۆ دەرخستنی ئەنجامی ناوەندە ژمێرەی نموونەی توێژینەوە بەپێی جیاوازی ڕەگەزی قوتابیان، کە لەخشتەی (4-2) ڕوونکراوەتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**خشتەی (2-4): ناوەندەژمێری و لادانی پێوەری و پلەی ئازاد و بەهای تی تێست بۆ دوونموونەی سەربەخۆ و ئاستی بەهاداری ئاماری بۆ پێوەری شێوازەکانی فێربوون بەگوێرەی مۆدێلی هێرمان چواری(HBDI)**

| پێوەری شێوازەکانی فێربوون بەگوێرەی مۆدێلی هێرمان چواری(HBDI) | ڕەگەز | ژمارەی نموونەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | بەهای t. test | | ئاستی بەهاداری (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | ئەگەری Sig. | |
| | نێر | 271 | 3.70 | 0.361 | 500 | -1.404 | 0.161 | بەهاداری ئاماری نییە* |
| | مێ | 231 | 3.75 | 0.392 | | | | |

*چونکە ( Sig.> 0.05 ) .

بەپێی زانیاریە ئامارییەکانی کە لە خشـــتەی (2-4) هاتووە، کە تایبەتە بە گریمانەی جیاوازی ڕەگەزی بۆ پێوەری شـێوازەکانی فێربوون بە گوێرەی مودێلی هێرمانی چواری (HBDI)، دەردەکەوێت ناوەندە ژمێرەیی بۆ ڕەگەزی (نێر) بەهاکەی گەیشـــتۆتە (3.70) بەلادانی پێوانەی (0.361)، کە بچووکترە لە ناوەندی ژمێرەیی بۆ ڕەگەزی (مێ) کە بەهاکەی گەیشـــتۆتە (3.75) بەلادانی پێوانەی (0.392)، کە بەهای (Tی هەژمارکراو) گەیشـتۆتە (-1.404) بەبەهای نرخی ئەگەری (0.161) ئەمەش دەریدەخات کە گەورەترە لە ئاسـتی بەڵگەداری ئاماری (0.05)، سـەرەڕای جیاوازی لەناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوانەیی بەڵامە نەگەیشـتۆتە ئاسـتی جیاوازی ئامازەداری ئاماری لە نێوانیاندا، بۆیە گریمانەی (H0) سـفری پەسـەند دەکەین، گریمانەی (H1) ڕەتدەکەینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە گۆڕاوەکانی (نێر و مێ)ی نموونەی توێژینەوە کاریگەریان نیە بۆ پێوەری شـێوازەکانی فێربوون بەگوێرەی مۆدێلی هێرمانی چواری، شـێوازەکانی فێربوونیان لەیەکترە نزیکە و جیاوازی بۆ چوونیان نیە و کاریگەریان نیە، ئەم ئەنجامەش هاوشێوەیە لەگەڵ توێژینەوەی (مبارك، 2010).

## 5 دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیاز:

### 1-5 پوختەی دەرئەنجامەکانی توێژینەوە:

1- شـێوازەکانی فێربوون لە ئاسـتێکی بەرز دایە، لای قوتابیانی پۆلی هەشـتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەکانی پەروەردەی ناوەندی هەولێردا.

2- هیچ جیاوازییەکی بەهاداری ئاماری نیە لە ئاسـتی (0.05)، لە شـێوازەکانی فێربوونی قوتابیان بەگوێرەی مودێلی هێرمانی چواری (HBDI) بۆ گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر و مێ).

### 2-5 ڕاسپاردە:

لەژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکان توێژەر ئەم ڕاسپاردانە پێشکەش دەکات

1- پێویستە وەزارەتی پەروەردە دەزگاکانی مەشق و ڕاهێنان ڕابسپێرێت بۆ ئامادەکردنی پرۆگرامێك تایبەت بە گەشـەپێدانی بنیاتنانی تواناکانی قوتابیان، کەوا لە قوتابیان بکات شـێوازی فێربوونی هەچەشنیان لا دروست بێت.

2- کردنەوەی خولی جۆراو جۆر بۆ ڕاهێنانی مامۆسـتایان لەسـەر شـێوازە مۆدێرنەکانی وانەوتنەوە، دورکەوتنەوە لە شـێوازە کۆنەکان، بەشـێوەیەك کە دەسـتکەوتی قوتابیان زیاد بکات، هانیان بدات بۆ بیرکرنەوەی زانستی و پاڵنەرەکانیان بەرەو فێربوون زیاد بکات.

### 3-5 پێشنیاز:

دوای تـەواوکردنی ئـەو ڕێکارییـانـەی کـە توێژەر پێی هـەڵسـاوە لـەم توێژینـەوەیـەدا، دەتوانرێت پێشنیاربکرێت بە ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لە داهاتوو بکەین، لەوانە:

1- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشـێوە، لەگەڵ گروپە تەمەنیەکانی تر، لەقۆناغەکانی تری خوێندندا، لەناوچەیەکی جوگرافی فراواندا، بەمەبەستی گشتاندنی ئەنجامەکانی.

2- ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لەسـەر شـێوازەکانی فێربوون، بەگوێرەی مۆدێلەکانی تری فێربوون وەك مۆدێلی (کۆڵب و کارڵ یۆنگ و فۆڕمات و ...هتد).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# سەرچاوەکان:

## سەرچاوە کوردییەکان:

- قەرەچەتانی، کەریم شەریف (2014): سایکۆلۆژیا و ڕێگاکانی وانەوتنەوە، چ1، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، هەرێمی کوردستان- عێراق.
- قەرەچەتانی، کەریم شەریف (2013): سایکۆلۆژیای پەروەردەیی، چ2 ، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، هەرێمی کوردستان-عێراق.

## سەرچاوە عەرەبییەکان:

- أبو فخر، غسان (2014): صعوبات التعلم و علاجها, ط3, مطبعة جامعة دمشق, سوريا.
- بـن منصـور، حـدة (2017): عمليـات الـتعلم لـدى طـلاب المرحلـة الثانويـة، دارسـة ميدانيـة بـبعض ثانويـات مدينـة المسـيلة، رسـالة ماجسـتير فـي علـم الـنفس، كليـة العلـوم الإنسـانية والاجتماعية، جامعة محمد بوضياف المسيلة-الجزائر.
- جابر و ليانا و قرعان, مها (2004): أنماط التعلم النظرية و التطبيق, ط1، مؤسسة عبد المحسن القطان, رام الله, فلسطين.
- حسن، هالة كمال الدين (2020): أنماط الهيمنة الدماغية المبينة بأبعاد الذكاء الناجح لدى طلاب كلية التربة النوعية, رسالة ماجستير, كلية التربية, جامعة بنتلي, بحرين.
- خالدي, وسام(2019): أساليب التعلم وفق نموذج هيرمان الرباعي HBDI و علاقتها بالتخصص الدراسي لدى تلاميذ السنة الثانية ثانوي, رسالة ماجستير, كلية العلوم الانسانية والاجتماعية, جامعه محمد خيضر بسكرة, الجزائر.
- الزهيري, جميلة كاظم مجيد (2016): فاعلية تصميم تعليمي على وفق نظرية الكلي لهيرمان في تحصيل مادة الكيمياء وأنماط التعلم عند طالبات الصف الخامس العلمي, أطروحة دكتوراه, كلية اتربية أبن هيثم, جامعة بغداد, العراق.
- الزوبعي, عبدالجليل ابراهيم و محمد احمد غانم (1981): مناهج البحث في التربية, الجزء الاول, بغداد, العراق.
- الزيات، فتحي (2004): سيكولوجية التعلم بين المنظور الارتباطي و المنظور المعرفي, ط2، النشر للجامعات، القاهرة، مصر.
- سامية, فمام (2020): أنماط التفكير و علاقتها بالتوافق الزواجي لدى الزوجين-وفق نظرية السيطرة الدماغية لنيد هيرمان, رسالة ماجستير, كليه العلوم الاجتماعيه، جامعه محمد خيضر بسكرة, الجزائر.

- الشبلي, سناء جميل قاسم (2017): أنماط التعلم وعلاقتها بمستوي التفكير العلمي لدى طلبة المرحلة الثانوية في مدينة الناصرة, رسالة ماجستير, كلية العلوم التربوية والنفسية, جامعة عمان العربية, الاردن.
- الشرقاوي, أنور (1992): علم النفس المعرفي المعاصر, ط2, مكتبة الأنجلو المصرية, القاهرة, مصر.
- العثمان, ماجدة السيدة (2009): مناهج البحث الجغرافي و تطبيقاتها في الجغرافيا البشرية, ط1, دار السياب للطباعة والنشر, عمان, الاردن.
- العساف ، صالح بن حمد (1995): المدخل الى البحث في العلوم السلوكية ، ط1، مكتبة العبيكان للنشر، الرياض - سعودية .
- العلية, هبة (2012): أثر برنامج مقترح قائم على أنماط التعلم لتنمية مهارات التفكير الرياضي لدى طالبات الصف الربع الأساسي بمحافظات غزة, رسالة ماجستير, غزة, فلسطين.
- العمري و ابراهيم رواشدة و وليد نوافلة, على (2010): أنماط التعلم طلبة الصف التاسع في اربد و اثرها في تحصيلهم في مادة الكيمياء, المجلة الاردنية في العلوم التربوية, مجلة(6), عدد(4) 2010.
- قشوش، صابر إسماعيمي يامنة (2004): الدماغ والعمميات العقمية ، اانتباه ، الادراك، التفكير ، التعمم ، الذاكرة, ط1, ديوان المطبوعات الجامعية، الجزائر.
- مبارك, جمال محمد (2010): أنماط التعلم وعلاقتها بمستوي التفكير الناقد لدي طلبة الصف العاشر بدولة الامارات العربية المتحدة, رسالة ماجستير, كلية العلوم التربوية والنفسية, جامعة عمان العربية, الاردن.
- مجيد، زينب جاسب (2019): فاعلية تصميم تعليمي تعلمي على وفق أنماط هيرمان في تنمية الكفاية المعرفية المدركة لدي طالبات الصف الخامس الأدبي في مادة الجغرافية, رسالة ماجستير, كلية التربية ابن رشد, جامعة بغداد, العراق.
- محمد ، قانعة أدم (2014): فاعلية ستراتيجية الرؤوس المرقمة للعمل معا في التحصيل و تنمية الاتجاه نحو مادة الجغرافية لدى طالبات الصف العاشر الأساس ، رسالة ماجستير (غير منشورة) كلية التربية الأساس، جامعة صلاح الدين - أربيل ، أقليم كردستان - العراق .
- محمد, بلكرد (2017): بناء مقياس للكشف عن أنماط التفكير حسب نظرية هيرمان لدى تلاميذ السنة أولى ثانوي, اطروحة دكتوراه, كلية العلوم الانسانية والاجتماعية, جامعة عبدالحميد بن باديس-مستغانم, الجزائر.
- محمد، ايمان زكى موسى( 2020): تطوير بيئة ويب تكيفية وفقا لنموذج هيرمان و تحليلات التعلم و اثرها في تنمية مهارات انتاج تطبيقات الواقع المعزز وعمق التعلم لدى طلاب تكنولوجيا التعليم بكلية التربية

النوعية, أستاذ تكنولوجيا التعليم المساعد, كلية التربية النوعية, جامعة المنيا, المجلة تكنولوجيا التربية-دراسات بحوث, المجلد(7)، عدد أبريل (2020).

- محمد، فارس أبوالفتوح (2020): أساليب التفكير واساليب التعلم وعلاقتها بتوجهات أهداف الانجاز لدي المتوفقين عقليا و العاديين من طلاب المرحلة الثانوية, رسالة ماجستير, كلية التربية, جامعة سوهاج, مصر.
- نوافلة ،وليد حسين أحمد (2008): أثر أنماط التعلم و مناحي التدريس المقابلة لها على مستوى التحصيل الاني و المؤجل في الكيمياء على طلبة الصف التاسع، رسالة دكتوراه، كلية التربية، جامعة اليرموك، إربد.
- نوفل، محمد (2009): الابداع الجاد, ط3, ديبونو لنشر والتوزيع الاردن.

سەرچاوە بیانیەکان:

- Alumran, J, (2008): Learning styles in relation to gender, field vof study, and academic achievement Bahraini University students.
- Herrmann, Ned (1989): The Creative Brain. Lake Lure, North Carolina: Brain Books.
- Kinsella, K. (1995): Understanding and empowering diverse learners in ESL classroom. In Reid, J. (1995) ( 170-194) Learning Styles in the ESL/EFL Classroom. Boston: Heinle & Heinle.
- Kolb D. (1984): Experiential Learning: Experience As The Source Of Learning And Development, London, Prentice – Hall International Inc.

# Learning-Styles According to the Model Hermann Quartrt (HBDI) of Eighth Grade basic Students

**Muhammed Amir Abuzaed**
Department of Social Sciences, College of Basic Education, Salaheddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Muhammed.abuzaed@su.edu.krd

**Asst. Prof. Dr. Hamed Abdulla Salih**
Department of Social Sciences, College of Basic Education, Salaheddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Hamed.salih@su.edu.krd

***Keywords:*** Learning Styles, Model, Herman, HBDI, Student, Eighth Grade is Basic.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Abstract

Learning styles approach reinforces developing the suitable instructional materials for students. The current study aims to identify learning patterns according to the Herman model, in addition to identifying the most used and preferred learning styles of eighth grade high school students, the study was conducted on an eye consisting of (502) pupils and disciples of the eighth grade high school, in the schools of the Directorate of Education of the Arbil Center during the academic season 2021/2022, the research tool is a phrase of the questionnaire form consisting of (41) paragraphs, based on (likert scale) measure of five-dimensional Likert , distributed over (4) areas (external learning, interactive learning, procedural learning, internal learning) to confirm the sincerity and stability of the questionnaire was presented to a group of expert arbitrators and specialists, and used the descriptive approach with the use of computer statistical program (spss), and the following results were reached: Learning patterns of eighth grade secondary students at a high level, in the schools of the Education Directorate of the Arbil Center, the results of the hypotheses of the learning style according to the variable (gender) were not statistically significant.

## أنماط التعلم وفق نموذج هيرمان الرباعي HBDI لدى تلاميذ الصف الثامن أساسي

### ملخص

تهدف الد ارسة الحالية إلى التعرف على أنماط التعلم وفق نموذج هيرمان ، إضافة إلى التعرف على أنماط التعلم الأكثر استخداما وتفضيلا لدى تلاميذ الصف الثامن الثانوى ، أجريت الدارسة على عينة قوامها (502) تلميذا وتلميذة من تلاميذ الصف الثامن ثانوي، في مدارس مدريه تربيه مركز أربيل خلال الموسم الد ارسي 2022/2021م، اداة البحث عبارة من استمارة الاستبيانية مكونة (41) فقرة ، تعتمد على (likert scale ) مقياس ليكرت الخماسى الابعاد ، موزعة على ( 4) مجالات هى ( التعلم الخارجي ، التعلم التفاعلي ، التعلم الإجرائي، التعلم الداخلي ) للتاكيد من صدق و ثبات الاستبيان تم عرضها على مجوعة من المحكمين الخبراء والمتخصصين ، واستخدمت منهج الوصفية مع استخدام البرنامج الاحصائى الحاسوب (spss )، وتم التوصل إلى النتائج التالية: انماط التعلم تلاميذ الصف الثامن الثانوى في مستوى عالي، في مدارس مدريه تربيه مركز أربيل، كانت نتائج الفرضيات الخاصة بنمط التعلم وفق المتغير ( الجنس) لا توجد ذات دلالة الاحصائية.